# ریفراندۆم لە روانگەی هونەرمەندانەوە

**بە درێژایی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی میللەتی کورد لە پێناو مانەوە و ئازادیدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هونەرمەندانیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی کوردستان بە هونەرەکەیان بەرگرییان لەو خاکە کردووە و هەزاران سروود و گۆرانییان بۆ خۆشەویستیی وڵات هۆنیوەتەوە، ئێستاش کە میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لە بەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە کە بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەم ساڵ بێگومان هونەرمەندانیش راوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە هەیە، لێرەشدا ژمارەیەك لە هونەرمەندان رای خۆیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم خستۆتەڕوو.**

## گێژەڤانک



عادل حەسەن

ژیان گێژەڤانکەکە ومروڤ کەتییە دناڤا ڤێ کێژەڤانکێدا، بێی کو بزانیت چەوا هاتیە دناڤدا، هاتنا مروڤی بێی وەرگرتنا ەزرا مروڤییە . ئەم ژدایکبوویینە، ئەرێ مەدڤییا لڤی دەمی و جەی ژدایك بین یان نە ؟؟!!.

دایك و باب و برا و خویشك و خال ومام مهەەنە، بێی کو ەزر دەندێدا هاتبیتەکرن، کا مە خواستییە ئەڤ بەرێزەنە بو بڤی ئاوایی بگەهەنە مە و مروڤێن مەبن ؟؟!!

ئەڤ شوناسا بو مەهاتییە چەسپاندن بوی ئاوایێ هەی، بگور هەلبژارتنا مە بوییە ؟؟!! دەمێ ئەم گیانێ خو ژدەست ددەین، ەزر دبووچونا مەدا هاتییە کرن ؟!!

واتە بکوردی و کورتی، هەبونا مە و شوناسا مە و مرنا مە، بمە نەبوییە، ئەم مینا کویەلەکێ بویننە و کەتینە دناڤا گێژەڤانکەکا زلهێزدا، گەر رەوریشالێن کویر مە نەبن و باش دناڤا عەردیدا نەهاتبینە قایمکرن ویێ روژانە ئەڤ گێژەڤانکە بێی دلوڤانی وێ مەگێژ بکەت و سەرییێ مە لجهێن رەق دەت .

ئەڤەژی پێتڤی بکەسێن سەربەخو هەیە، خەبات و ماندیبون و ەزر و رێکێن سەردەمانە بەێنە بکارئینان تاکو بشێین وەك مروڤ دهەبونا خودا، خو هەمبێز بکەین .

هەمبێزکرنا خوبخو، ئەرکەکە و ئەنجامدانا ڤی ئەرکی پێتڤی بوەرگرتنا چەندین ئالاڤاییە، ژوان ئالاڤا : ( حەزرکرن بو هەڤدژییا، دیڤچونێ براستگوییێ، دویرکەتن ژ ەزرێن یەقین، نیاسینا جورێن ماسکێن مروڤان، بەردەوام دیتنا خەونێن هشیار و نەهشیار، سروشتییێ خو وەك خو بکەینە دئەزمونادا .



عەبدولعەزیز سلێمان:

## بۆ بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدان دەنگ بە (بەڵێ) بدەن

ماموٚستا عەبدولعەزیز سلێمان یەکێکە لەو کەسانەی کە هەموو تەمەنی خۆی بە خزمەتکردنی هونەری کوردی بەسەر بردووەو ساڵانێکیش پێشمەرگە بووە، لە بارەی ریفراندۆمیشەوە دەڵێ: بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئاواتی لەمێژینەی گەلی کوردستانە، لەو پێناوەدا بە سەدان هەزار شەهیدمان بەخشیوە و ئێستا و لە ئایندەشدا ئامادەی قوربانیدانی بەردەوامین، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە و ئەرکێکی پیرۆزیشە کە بەشداری بکات لە ریفراندۆم و بە (بەڵێ) دەنگ بدات، بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدانمان بە فیڕۆ نەڕوات و رۆحیان شاد بێت و تاکو بۆ هەموو دنیای بسەلمێنین کە ئێمە کوردین و سەربەخۆیی وەردەگرین، بە رای من ئەوەی لەگەڵ ریفراندۆم نەبێت، کورد و کوردستانی نییە".

دەبێ بزانن کە ئەم ریفراندۆمە داهاتووی میللەتی کورد دیاری دەکات، ناحەزانی کوردیش با بزانن، ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین ریفراندۆم ئەنجام بدرێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان، منیش بەو بۆنەیە دوو گۆرانیی نوێم ئامادە کردووە بۆ هونەرمەندان رێکێش سەیران و خەبات، هیوادارم بە دڵی هەموو لایەك بێت.





سەید ئەحمەد رواندزی:

## هەر تاكێكی كورد ئەگەر زەرەیەك ویژدانی هەبێت دەبێ ملیۆن جار بڵێ (بەڵێ)

هەموومان باش دەزانین پرسی ریفراندۆم پرسێكی نیشتمانی و نەتەوەییە، چەندین ساڵە كورد خەبات دەكات بە خوێنی ئاڵی شەهیدانمان چەندین شۆڕشمان دژی داگیركەرانی كوردستان بەرپاكردووە، هەموو رژێمە فاشیزمە یەك لە دوا یەكەكانی عێراق تاوانی گەورەیان دەرهەق بە میللەتی كورد ئەنجامداوە، هەر لە ئەنفال و وێرانكردنی گوند وشارەكان و جینۆسایدەوە بگرە تا دەگاتە كیمیاباران، كاتێك سەیری ئەم تاوانانە بكەم، ئێوە و خواتان بێویژدانی نییە، بڵێم نەخێر؟ بە دڵنیاییەوە هەر تاكێكی كورد ئەگەر زەرەیەك ویژدانی هەبێت، دەبێ دوای ئەم هەموو تاوانانە ملیۆن جار بڵێ (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی كوردستان، بۆ سڕینەوەی فرمێسكی دایكە شەهید و ئەنفالكراوەكان، بۆ خوێنی شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە و شێخ وەسان و بادینان و بالیسان و گوند و دیهاتەكانی كوردستان، بۆیە دیسان دەڵێم (بەڵێ).

هونەرمەند سامان شەوكەت:

## دەنگی من (بەڵێ)یە بۆ سەربەخۆیی كوردستان

ئێمە لەسەردەمێكدا دەژین هەست بە بوونی خۆمان دەكەین و هەر یەكێك لە ئێمە خودان دەنگ و سەدای ئازاد و سەروەریی خۆیەتی، كەوا بوو ئازادی و سەروەریی مرۆڤ لە پێشەنگی داخوازییە سەرەتاییەكانەوەیە. بەڵام زۆر گرنگە لێزان و وشیار بین لە بەكارهێنانی چەمكی ئازادی. من وەك تاكێكی كورد وەك كوڕی بنەماڵەیەكی شۆڕشگێر لە بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان دوور لە ئەجندای حزبی و دووبەرەكی دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی لەگەل سەربەخۆیی كوردستانن !
هەرچەندە من لە كوردستان ناژیم لە ئێستادا ئەڵمانیا وڵاتی منە! بەو پێوەرەی نزیكەی ٢٠ ساڵە هەڵگری پاسپۆرت و ناسنامەی ئەڵمانیم و هەموو ژیانم و داهاتووم لە ئەڵمانیا پارێزراوە، لە سۆنگەی وەفا و كەلتووری كوردییەوە ناكرێت من لە ئاست وڵاتێك بێوەفا بم كە باوەشی گەرمی بۆ من كردووەتەوە! بەڵام لە رەچەڵەكدا من كوردم و كوردستانیم و خوێن و ئارەقەم رشتووە لەپێناو كوردستان، بۆیە برسی بوون و نەبوونی و نەدارای لە چوارچێوەی وڵاتێكدا كە سەربەخۆ بێت زۆر باشترە لە زەنگینی كە ژێردەستەو هاووڵاتی پلە دوو بیت!
هەڤاڵینە گەر دەتانەوێت خودان بڕیار و دەنگ و سەدا و ئاڵا و نیشتمانی خۆتان بن لە رۆژی ٩/٢٥ دەنگ بدەن بە بەڵێ بۆ ئازادیی وڵاتەكەت لە دەستی بێگانە بۆ شادبوونی رۆحی هەزاران شەهیدی بزووتنەوەیی رزگاریخوازیی كوردستان. بەڵێ بۆ گشتپرسی، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، بەڵێ بۆ كوردستانێكی ئازاد.



بەهار حەسکۆ خەڵکی شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستانە، چوارساڵی خوێندنی لە بەشی ئادابی زمانی ئینگلیزی زانکۆی حەلەب بووە، دوای رووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣ی سوریا رووی لە هەندەران کرد و ماوەی ساڵێك لە تورکیا ماوەتەوە، دواتر رووی لە وڵاتی سوید کرد و ئێستا قوتابی ماستەرە لە زمانی ئینگلیزی، لە چەندین بواری دیکە بەشداری لە کۆرسی جۆراوجۆر کردووە، بەڵام هەمیشە میوزیك لە هزر و خەیاڵیدا بووە ▪

## بەهار حەسکۆ:

# میللەتانی ئەوروپا حەز لە هونەری کوردی دەکەن

*** بەشێوەی ئەكادیمی هیچت دەربارەی هونەر خوێندووە لە كۆلێژ یان پەیمانگا؟**

-من بۆ ماوەی شەش مانگ كۆرسی فۆلك ستران و موزیك لە زانكۆی شاهانەی سوید لە ستۆكهۆڵم خوێندووە كە یەكێكە لە زانكۆ ناسراوەكانی جیهان، هەروەها بەشداریم لە زۆر كۆراڵ كردووە بە چەندین زمان ئەمانەش كاریگەرییەكی زۆریان بەسەر منەوە هەبوو و كاتێك هاتمە شاری یۆتۆبۆری لە سوید پەیوەندیم كرد بە لە كۆراڵی جیهانی خانەی ئۆپێرا، نزیكەی ٥٠ كەس بووین لە ٢٥ وڵاتی جیاجیا، ئەمەش وایكرد كە جگە لە زمانی كوردی بە چەندین زمانی دیكەش گۆرانی بڵێم و لەوێ زۆر هاوكاری ئێمەیان دەكرد لە هەموو روویەكەوە، هەر لەوێ بە تەمبوورەكەم گۆرانیم پێشكەش دەكرد، ئەوە بووە جێی سەرنجی سویدییەكان، هەروەها توانیم بە زیاتر لە ٢٥ زمان گۆرانی بڵێم.

*** چ هونەرمەندێك كاریگەریی بەسەر تۆوە هەبووە و ئایا خانەوادەكەت هاوكارت بوون؟**

- لە خانەوادەی ئێمە زۆر كەسی دەنگخۆش هەبوون، سیپان حەسكۆی برام كە لە ئەڵمانیا دەژی ئەویش خاوەن دەنگێكی خۆشە، هەروەها چەندین هونەرمەند هاوكارییان كردووم و وەكو مامۆستا شڤان پەروەر كە ئەو كاریگەرییەكی زۆری بەسەر منەوە هەبووە و ئێستاش هاوكاریمان دەكات، هەروەها هەندێك كەس پێیان گوتم كە دەنگت لە دەنگی گوڵستان پەروەردە نزیكە. لەبەر ئەوەی باوكم و برایەكم هونەرمەند بوون و دایكیشم زۆر هانیاندام بۆ گۆرانی وتن، بەڵام دەنگم هاوكاری سەرەكیم بووە، چونكە من ماوەیەك لە باوكم دوور بووم.

*** راستە كە دەڵێن كاری هونەری لە ئەوروپا زۆر سەختە؟**

- من وەك كچێك وای نابینم كە كاری هونەری لە ئەوروپا بەو شێوەیە سەخت بێت، هەرچەندە من ئێستا گرنگی زیاتر بە خوێندن دەدەم، بەڵام لە بواری هونەرییەوە دەرگای زۆر لەبەردەمم كراونەتەوە، میللەتانی ئەورووپاش زۆر حەز دەكەن گوێیان لە شتێكی نوێ بێت و ئاشنای هونەر و كەلتووری بیانی بن، گوتنی گۆرانی فۆلكلۆر و ژەنینی تەمبوور وایكرد زیاتر هانم بدەن بە جۆرێك لە ماوەیەكی كەمدا ئێستا لە نێو كورد وسویدی و تەنانەت عەبەرەكانیش ناوبانگم پەیدا كردووە.

*** لە ئەوروپا بە زمانی بیانی گۆرانیت وتووە، چۆن توانیوتە باڵانسێك رابگری لە نێوان كاری هونەری بە زمانی كوردی و زمانی بیانی؟**

- من زیاتر بە زمانی كوردی گۆرانیم وتووە، بەڵام وەک باسم كرد میللەتانی ئەوروپا حەز لە كەلتووری میللەتان دەكەن، كاتێك لە خانەی ئۆپێرا بە تەمبووری كوردی و بە شێوازی كرمانجی لەبەردەم ٤٠٠٠ كەس گۆرانی سویدیم گوت پێشوازییەكی گەرمیان لێكرد و ناوبانگێكی باشم دەركرد و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەكانیان كاری هونەریم ئەنجامدا و كۆنسێرتم ساز كرد، و بە پێچەوانەوە ئەوان زیاتر بە من كاریگەر بوون.

*** تۆ خاوەن بەهرەیەكی هونەری بەرزی، بەڵام بۆچی لە رووی راگەیاندنەوە وەک پێویست دەرناكەوی؟**

-من زۆر گرنگیم بەوە نەداوە كە بناسرێم، تەنانەت زۆر كەس داوایان لێكردم بۆ بڵاوكردنەوەی گۆرانی و ئەلبووم، بەڵام لەبەر قورسی خوێندنەكەم زۆر گرنگیم بەو لایەنە نەداوە، پەنا بە خوا لە نزیكترین دەرفەتدا كارێكی گەورە ئەنجام دەدەم، هەروەها گۆڕینی شوێنیش كاریگەریی لەسەر كەم دەركەوتنم هەبووە.

*** تا ئێستا چەند بەرهەمی تایبەتی خۆت هەیە؟**

- بە داخەوە تا ئێستا دەرفەتم نەبووە بەرهەمی تایبەتی خۆم هەبێت هەرچەندە من لە بەرنامەی كورد ستار لە یەكەمەكان بووم ئەمەش دەرفەتێكی باشی بۆ رەخساندم، بەڵام خوێندن بە شێوەیەكی سەرەكی كاتی زۆری داگیر كردووم كە نەتوانم بەرهەمی تایبەت بە خۆن هەبێت، بەڵام بە نیازی كاری نوێ و تایبەتم لە نزیكترین دەرفەتدا، بەڵام لە كاتی خوێندندا بە (٢٥) زمان گۆرانیم وتووە و هەوڵ دەدەم لە یەک بەرهەمدا بەم هەموو زمانە گۆرانییەک بڵێم.

*** تێكەڵ كردنی هونەری كوردی بە هونەری بیانی چۆن دەبینی؟**

-پێموانییە تێكەڵكردنی هونەری كوردی و بیانی كاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر هونەری كوردی، بە پێچەوانەوە هونەری كوردی تام و چێژی تایبەتی هەیە و زوو كاریگەریی لەسەر گوێگری بیانی هەیە، زۆر لە هاورێكانم كە گوێیان لە گۆرانی كوردی دەبێت زۆر پێی خۆشحاڵ دەبن و بە هونەرێكی جوان و رەسەن وەسفی دەكەن، بەڵام پێویستە ئەو كەسەی گۆرانی كوردی دەڵێ بتوانێت لە هەموو روویەكەوە سەركەوتوو بێت و بزانێت كەی و چۆن پێشكەشی دەكات بە جۆرێك بتوانێت چۆن بیگەیەنێت بە گوێگری بیانی و كاریگەریی ئەرێنی لەلای بەجێ بهێڵێ.

*** لە رۆژئاوای كوردستان هونەرمەندی خاوەن ئەزموون هەبوون، پێتوایە هونەرمەندانی ئێستاش بتوانن لە ئاستی ئەوان بن؟**

- ئێمە هەمیشە لە هەموو پارچەكانی كوردستان شانازی بە هونەرمەندەكانی رۆژئاواوە دەكەین، و لەو بوارەوە نموونەمان زۆرە، بە هەمان ئێوە ئێستاش ئێمە لە رۆژئاوا چەندین هونەرمەندی لاومان هەیە لە هەردوو رەگەزی خاوەن توانا و بەهرەی هونەری بەرز كە خۆشەویستییەكی بێ هاوتایان بۆ هونەر و وڵاتەكەیان هەیە، بەڵام پێویستیان بە پاڵپشتییە و ئەگەر ئەم پاڵپشتییە هەبێت، من دڵنیام هونەرمەندی وامان دەبێت كە لە ئاست ئەستێرەكانی پێشووی هونەری كوردی بوون لە رۆژئاوا.

*** بیستوومانە بە نیازی گۆرانییەك بە چەندین زمان پێشكەش بكەی، بیرۆكەی ئەم كارە چۆن دروستبووە؟**

- من كچێكی كوردم و شانازی بە زمان و كەلتووری كوردییەوە دەكەم و لە هەر كۆڕ و كۆبوونەوەیەكی هونەری وەك كچە كوردێك ناسراوم ئەمەش مایەی شانازیی بۆ من، بێگومان من هەمیشە هەوڵمداوە ناوی كوردستان بەرز بكەمەوە، سەبارەت بەو بەرهەمەش چەندین بیرۆكەی هونەری جوان لە هزر و خەیاڵمدایە پەنا بە خوا لە نزیكتری دەرفەتدا پێشكەشیان دەكەم.

**من كچێكی كوردم و شانازی بە زمان و كەلتووری كوردییەوە دەكەم و لە هەر كۆڕ و كۆبوونەوەیەكی هونەری وەک كچە كوردێك ناسراوم ئەمەش مایەی شانازیی بۆ من، بێگومان من هەمیشە هەوڵمداوە ناوی كوردستان بەرز بكەمەوە.**





# ئیشواریا یەکەم ئافرەتە ئاڵای هیندستان بەرز دەکاتەوە

ئیشواریا رای ئەستێرەی بۆڵیۆد بە یاوەری ئەرادهیای کچی سەردانی شاری ملبۆڕنی ئوسترالْیای کرد بۆ بەشداریکردن وەك میوانی شەرەف لە فیستیڤاڵی سینەمای هیندی کە لەو شارە ئەنجام دەدرێ و هاوکاتە لەگەڵ ئاهەنگەکانی حەفتا ساڵەی سەربەخۆیی هیندستان.

ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی سینەمای هیندی و رەوەندی هیندی لە ئوسترالْیا ئامادەی ئاهەنگەکە و زۆربەیان هاتبوون بەتایبەتی بۆ بینینی ئیشواریا رای و لە گۆڕەپانێکی تایبەت، ئەوەی زیاتر مایەی سەرنج و دڵخۆشی جەماوەر بوو بەرزکردنەوەی ئاڵای هیندستان بوو لەلایەن ئیشواریاوە، چونکە ئەمە یەکەم جارە ئافرەتێك ئاڵای هیندستان بەرز بکاتەوە لە گۆڕەپانێکی گشتیدا.

لە ئاهەنگەکەدا ئیشواریا سەرەتا جلوبەرگی کەلتووری هیندی سپی و شینی پۆشی بوو، دواتر سەرۆکی حکومەتی ڤیکتۆریای پێشوازی لێکرد، لەوێش جلێکی رەشی پۆشی، بەڵام لە کاتی دەرکەوتنی لەسەر فەرشی سوور و وەرگرتنی خەڵاتی (ناوازەی سینەمای جیهانی) جلێکی کەلتووری شینی پۆشی بوو.

ئەمە یەکەم دەرکەوتنی ئیشوارییایە دوای کۆچی دوایی باوکی و بەر لەوەی سەردانی ئوسترالْیا بکات لە رێوڕەسمێکی ئایینی تایبەتی هندۆسەکاندا بە یاوەری ئەبهیشك باتشانی هاوسەری و کچ و خوشکی و دایکی هەستا بە رژاندنی خۆڵەمێشی باوکی لە رووباری گانج کە یەکێکە لە رووبارە پیرۆزەکان لای پەیڕەوانی ئایینی هندۆسی و پێیانوایە دوای سوتاندنی مردوو و رژاندنی خۆڵەمێشەکەی لە ئاوی ئەو رووبارەدا یارمەتی گیانی مردووەکە دەدات بۆ ئاسمان بەرز ببێتەوە.



## ئەلیکساندرا: هونەرمەند ناتوانێت ژیانی ئاسایی خۆی بژیت

ئەلیکساندرا داداریۆ یەکێکە لەو ئەکتەرانەی هۆڵیۆد کە جگە بە جوانییەکەی بەو رۆڵانەی کە لە فیلمەکانیدا بە سەرکەوتوویی دەیانبینێت سەرنجی هەموو لایەکی راکێشاوە بەتایبەتی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانی هۆڵیۆد و هەمیشە هەوڵ دەدەن رۆڵی پێ بسپێرن.

ئێستا ئەلیکساندرا یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە دیارەکانی هۆڵیۆد لە رووی جەماوەرییەوە، سەبارەت بە خۆشەویستی جەماوەر بۆ ئەکتەر دەڵێ: کاری هونەری بە گشتی بەندە بە جەماوەرەوە و هەر ئەویشە کە دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند و هەر لە رێگای جەماوەرەوەیە کە هونەرمەند سەنگ و قورسایی خۆی دەزانێت، چونکە ئەگەر گۆرانیبێژێك چەند ئەلبووم بڵاو بکاتەوە و ساڵانە دەیان کۆنسێرت لە سەرتاسەری جیهان ئەنجام بدات، کاتێك کە سیدییەکانی نەفرۆشرێن یاخود فرۆشتنی بلیتی ئەو فیلمانەی بەشداریی تێدا کردووە کەم بێت و لە ریزی پێشەوەی فیلمە پر جەماوەرییەکان نەبن، ئەوا بە رای من پێویستە زوو واز لە کاری هونەری بهێنێت.

سەبارەت بە ژیانی تایبەتی هونەرمەندانیش دەڵێ: هونەرمەندان بەشێوەیەکی گشتی پێویستە خۆیان لە ژیانی نوێیان رابهێنن کە زۆر جیاوازە لەو ژیانی پێشوویان، بۆ نموونە ناتوانن بە شێوەی جاران وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی ئاسایی تەنانەت هاتوچۆ بکەن یاخود لە چێشتخانەیەك دانیشن بۆ نان خواردن، چونکە گشت چاوەکان دەکەونە سەر ئەو هونەرمەندە بە شێوازی جیاجیا، رەنگە هەندێك کەس ئارەزووی ئەوە بکەن وێنەیەك یادگاریی لەگەڵ بگرن، لە هەمان کاتدا کەسانێك دیکە بە وردی چاودێری رەفتار و هەڵسوکەوتی هونەرمەند دەکات و وێنەی دەگرێت و بۆ رۆژی دواتر وێنەکان بڵاودەکرێنەوە و دەبن بە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار و رۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەند رەفتارێکی نەرێنی بنوێنێت، بەمەش ناتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی بژیت، بۆیە پێویستە هونەرمەندان خۆیان لەسەر ژیانی نوێ رابهێنن و هەوڵ بدەن هیچ کاتێك کاردانەوەی نەرێنییان نەبێت.



## لیۆناردۆ: زەوی پێویستی بە رزگارکردن هەیە

ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد لیۆناردۆ دیکاپریۆ کە ماوەیەك وەك باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاری ژینگە کاردەکات و بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چەندین وڵاتی کردووە، رایگەیاند هۆکاری سەرەکی بەرزبوونی پلەی گەرما لەم ساڵانەی رابردوودا خودی مرۆڤ خۆیەتی بە هۆی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاوە.

لیۆناردۆ لە کۆنگرەیەکی تایبەت لە ژینگە کە لە پاریس ئەنجامدرا بە بەشداری چەندین کەسایەتی سیاسی و ژینگە پارێزی جیهانی، رایگەیاند: مەترسییەکی گەورە لەسەر هەسارەکەمان هەیە، کات لە بەرژەوەندی ئێمە نییە و زەوی پێویستییەکی زۆری بە ئێمە هەیە بۆ رزگارکردنی و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی پیسبوونی ژینگە و پشتگوێخستنی ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن بەرپرس و سەرکردەکانی وڵاتان.

لیۆناردۆ کە پار ساڵ فیلمێکی دیکیۆمنتاری ئامادە کردبوو دەربارەی ئەو ناوچانەی جیهان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە لە ئەنجامی پیس بوونی ژینگە، رەخنەیەکی زۆری لەو سیاسەتمەدار و کەسایەتییانە گرت کە رۆڵێکی نەرێنییان لە مەسەلەی پاراستنی ژینگە و رێگا لەو کەس و رێکخراوانە دەگرن کە لە بواری پیس بوونی ژینگەدا کاردەکەن و پێگە و ناوی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەنجامدانی هەر چاکسازییەك لە بواری پاراستنی ژینگە دەدرێت، دەربارەی فیلمەکەشی گوتی: لە رێگای ئەم فیلمەوە چاوم بە چەندین کەسایەتی سیاسی و ئایینی و چالاکوانانی ژینگە کەوت، هەروەها سەردانی چەندین وڵاتم کرد کە تا ئەو کاتە نەمبینیبوون و هەر لە میانەی ئەم گەشتانەدا بۆم دەرکەوت کە پێویستە کات بە فیرۆ نەدەین و رزگارکردنی زەوی بکەینە کارە هەرە سەرەکی و لە پێشینەکانمان بۆ دابینکردنی دوارۆژێکی سەلامەت بۆ نەوەکانمان.